کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-9-2007 21:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**خەزانی تەمەن ... گەشاوە جاف**



گوڵم هێندە جێگا گەڕام
بەدیم نەکرد شوێنێ دڵ تێیدا ئارام بێت
گوڵم هێندە ئازارم چەشت
تامی خۆشی دنیا نازانم
ڕۆحم هێندە گرفتار بووم
جەستەم لەزام بەولاوە چی تر ناناسێ
ڕۆحم هێندە چاو لەڕێ بووم
چاوم جوانی سرووشت نابینێ
ئازیز ژینم بۆتە شانۆیەکی پڕ کەسەر

ئەکتەرەکان ناتوانن دەوری تیا ببینن
بۆتە مەنزڵگای خەمی چەند ساڵە
وەك سەهۆڵ بەستەڵەکی بەستووە و
بە هیچ گەرمی ئەم دنیا ناتوێتەوە
ئازیز لەم خەراباتەی ژینمدا
چاوەڕێی چی لەمن ئەکەی
تۆ ئەزانی ژینی من بۆ یەکجاری
ڕووخاو بۆ ئەبەد هەرەسی هێنا
هەرەسێك بە هیچ جۆری دروست نەبیتەوە
ڕۆژ بە ڕۆژ لافاوی تەنهایی شەپۆلی
بەگوورتر دەکات و لە گشت دنیا دوورم دەخاتەوە
ڕۆحم هێندە ناسۆرم لەم ژینە چەشت
بە هیچ جۆرێ زامەکانم سارێژ نابێ و
ناگەڕیمەوە

لەندەن/٢٠٠٧
gashawa@chra. tv

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.